
# هةرةس بةئاش .... خالَة حةمة



*کوا دڵسۆزێ بێ لەشوێنم
سوارچاکانە پێمبگا
یا لە دووی ئەم کاروانە بێ
گوێم بۆ شلکاو تێمبگا..
*ڕازی دڵ و نهێنی خۆم
بدرکێنم پێی بڵێم
لەدەست جەوری سەرانی خۆم
سەرم ئەبەم بۆ تکا..
*کێیە دژم؟ بێتە مەیدان
تەنها پێنوسم هەیە
خاوەنی گورزو کوتەك نیم
خۆی ئامادەی شەڕ نەکا..
*من لە جێی شەهید ئەنوسم
ئەو بۆ من خۆی دابەکوشت
ئێستا (قفڵ) لە دەم نادەم
بۆ ئەوەی خۆی کڕ ئەکا..
*گۆشەگیر نیم مەستی مەی نیم
(ساقی) پەرست بێ خەیاڵ
تاکوو من هەم پێیان ئەڵێم
تف لەوەی چاو شۆڕ ئەکا..
*هاوڕێ خەیاڵە خۆم بگرم
گەرچی ڕێگەم ئاگرە
(دەعواچی) کێیە دەبابێ
وا (مودەعی) ڕائەکا..
*بابە ئەگەر سەرم شۆڕ کرد
قەت نەڵێی کوڕم هەبوو
سەر شۆڕ ئێستا زمان لاڵە
نەفرەت لە بابی ئەکا..
*خاڵە گوێ هەڵخە ببیسە
نەعرەتەی کوردی دلێر
قەت نەلێی ؛
(1) (چاوێ عیبرەت بینی دانا
ڕۆژ لە ڕۆژ کەمتر ئەکا) ) .
*دایە ئێستا من پێشمەرگەم
جارانت بێتەوە یاد
وەرە سەیری ئەو کوردەی وا
خۆی لە ڕاستی گێل ئەکا..
*کاکە دەتۆش دەستم بگرە
با بە دوو دەست بنوسین
ئەوساکە کێ بێتە ڕێمان
پێنوس چاوی کوێر ئەکا..
*تۆش کیژۆڵەم چاوت بسڕە
قۆڵی خەبات هەڵماڵە
(2) (تاتانیا) ) بە نەوەك (ساقی)
بۆ ئەوەی کورد گێل ئەکا..

*منالّەکان ئێوەش وەرن
لە تۆڵەی باوکی خۆتان
نەفرەتی مێژوو لە وەکەن
بازرگانی خوێن ئەکا..
*کێ گوناهبارە بۆ ئەمڕۆ
بەردەبارانی بکەن
تا سەرشۆڕ بن گشت ئەوانەی
ئاشبەتاڵمان پێ ئەکا!!.
کوردستان/ سەقز/1990
تێبینی:

(1) (چاوی عیبرە بینی دانا.. ڕۆژ لەڕۆژ کەمتر ئەکا) کۆپلەیەك لەشیعری مامۆستا قانعی نەمر.
(2) (تاتانیا) کیژۆڵەکی شەهیدی ناوداری وولاتی (روسیا) یە.

*خوێنەری بەڕێز بەراوردی ئەوڕۆژگارەو ئەمڕۆ بکە کە14ساڵ دەکات چۆن دەیبینی و هەڵوێست چۆن وەرئەگری کورد چاوەڕوانی گەورەوبچوکی نەوەکانی خۆیەتی کەدەنگبدات بۆسەربەخۆیی کوردستان تا ئەمڕۆ لەدەست نەدات و سبەینێمان ڕۆشنتربێت،شەهیدانمان چاوەڕوانی دەستی ئێمەن چرای دواڕۆژ بۆمنالّەکانیان هەڵبکەین.. . ئەوکارەش ئەرکی سەرشانی هەموانە..
خالّەحەمە/دانمارك/ڤالبی/2004/12/2